کۆمەکۆژی و جەرگانی … شیوا میرەکی

کۆمەکۆژی یان "ژینساید" یەکە لە گرینگترین تاوانە نوو دەوڵەتییەکانە کە کاریگەریەکی قووڵ و بەرفراوانی لەسەر ویژدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەبووە و تا ئێستا چەندین نەتەوە و کەمینە لە شوێنە جیاجیاکاندا بوونەتەوە قوربانی ئەم تاوانە شۆڤینی و دڕندانەیە.
وشەی کۆمەکوژی یان ژینساید لە بنەمادا وشەیەکی لاتینەو لە دووو وشەی یۆنانی(Genos) بە مانای ڕەگەز، تاقم یان گرووپێکی مرۆڤ پێکهاتووە، ئەم وشەیە لە زمانی فارسیدا وەکوو "نسلکشی"، "کشتار جمعی" و "نسلزدایی" باسی لێکراوە.، بەڵام پەڕچە "نسلکشی" لە واتای ژینساید نزیکتر ببێت، هەر چەند پەویست ناکات بە ئەوەی ئەم تاوانە شۆڤینییە ڕوو بدات دەبێ حەتمەن کۆشتنی تەدا بێ و تەنیا بە کوشتن و قڕاچەکردنی خەڵکێك، نەتەوەیەك یان هەر دەستەو کۆمەڵك ژینساید ڕوو بدات، بەڵکوو تواندنەوەو بە شوناسکردنیش، جورێك لە ژینسایدو لێناوبردنە.
ئەگەر ژینسایدو لێناوبردنی جەستەیی بە ئاشکراو بەڕحمانە و بە بە شاراوەیی ڕوو دەدات و ڕەنگە بەرەنگاربوونەوەی بکرێت، ئەوە ژینسایدی نەرم یان خشڵك، هێدی هێدی بارودۆخەکی وا بە سەر قوربانیەکانیدا دەسەپێنێ کە بە خەیان بەرەو لە ناو چوون بەرن و لە ئاکامدا بە بە تەندوتیژی بەرچاو، هەمان ئاکامی قڕاچەکردن بەدی بێنێ.

ئافائل لەمکین، یاسانووسی لەهستانی، وەکو یەکەمین کەس کە وشەی کۆمەکوژی بەکار هێنا، ئەم تاوانەی بەم چەشنە واتا کردەتەوە؛ "لە ناو بردنی خەڵ یا نەتەوەیەك"
دیارە مەبەست لە کۆمەکوژی بەڵکوو مەبەست لە کومەکوژی بەڵکوو بردنی گەلاڵەو پلانێکە کە زنجیرە کردارێکی بەربڵاوو جەراوجەر لە خۆدەگرێتەوەو بنەما سەرکیەکانی ژیانی نەتەوەیەك یا کەمینەیەك، بڕەو وێرانی و کاولکردن دەبات تا لە ئاکامدا بتوێتەوەو بە جەرگ لە جەرگان لەناو بچێت، مەبەست لەو پلانە ئەوەیە کە ڕەکخراوە رامیاری و کۆمەڵایەتیەکان، چاندو کولتووریەکان و هەستی پێکەوەبوونی ئەو گرووپە لەناو بچێت، هەروەها لە ناوبردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی،

ئازادی، کرامەت و هەروەها زیانی کەسانکی پێوندیدار بەم نەتەوە و گرووپانەوە.

لەدەستووری دادگای سزای نەوەدوەتی تایبەت بە یوگسلاڤیای پێشوو، رواندا و دەستووری دادگای سزای نەوەدوەتی لاهای، کەمکۆژی وکو تاوانکی مەترسیدار بە ئاسایشی مرۆڤایەتی ناسێندراوو تاوانبارکانی لە بەرانبەر کەمگای نەوەدوەتی بە بەلەبەرچاوگرتنی هەر چێشنە حسانیەکی سیاسی یان هەر حسانیەکی تر، بەرپرسیارن و جێخت لە سزادانیان کراوەتەوە.
کخراوی نەتەوە یکگرتوەکان لە یکەم سالی چالاکی خێدا، بە هەی زربوونی رادەی رووداتی کەکوژی لە دونیادا، بەیارنامەی ژمارە 1 – 96 لە دەسمبەری 1946دا لەسەر بە تاوان ناساندنی کەمکوژی دەرکردو رایگەیاند ؛ کەمکوژی بە پێی یاسای نەودوەتی تاوانکی قورسو کەمگای پێشکەوتوو بەم تاوانو تاوانبارکانی شرمزار دکات.

وکو چند نموونە لەم کارساتانە ئەتوانین ئاماژە بە کەمکوژی 182000_کسی مدنی لە کوردکانی باشوور لە پەسەی ئەنفالی بەعس و هەروەها کیمیابارانی 5000 کەس لە خکی شاری هەبجە، بە دەستی بەعس و قاچکردنی شیعەکانی باشوورو هەروەها کاولکردنی شارو شارچکانی کوردستان و قاچکردنی کوردکانی باکوور بە دەستی رگەزپرستانی کەمالیست و نکەیکردن لە شوناسی کورد لە سووریا بەدەس پاشماوکانی میشەل ئەفلەق و کوانی ئەسەد، رگەنەدان بە وەرگرتنی رگەزنامەو ناسنامەی کوردکان لە سووریاو هەرشی دەندانەی داعش لەسەر خکی بەتاوان، ئەمانە هەمووی نموونەی بەرچاون کە دکرە بە رووبی سکانیان لە سەر بەرز بکرێتەوەو ویژدانی مرۆڤ بەرنگاری بێتەوە، بەم هاوکات لەگەڵ ئەم کارساتانەدا کە دکرە لە ژێر ناوی ژینەسایدیان کەمکوژیدا باسیان لەسەر بکرە زەر کرداری دیکە هەن کە بە پاکتاوکردنی نەتەوە، رگەز، ئایین، زمان، بیروای سیاسی یان هەر تاقمکی کەکیان لە وەربگیرە و توندوتیژی تەدا بەدی ناکرە، بەم وکو ئەم کردەوە دەندانە نایەنە بەرچاو، بەم لە کتاییدا هەمان ئاکامی سێنەوەو لە ناوبردنی گرووپە قوربانییەکە لەدکەوێتەوە.

ئاسمیلاسیون یانە تاواندنەوەی گرووپك بە شوناسی جیاوازەوە لە نەو گرووپکی دیکەدا لە رگەی باسا دەستی هەژموونەوە، یانە پاکتاوکردن و لە ناوبردنی گروپك بە شێوەیك نەرم و نادیار، بە ئەم مەبەستەش یەكك گرینگترین ئامانجکان زمانە، بە نموونە کاتك کە زمانی میللەتك یاساغ بکرێت و بە کار نەبرێ، دیارە ئەو زمانە

ئەکەوێتە بەر مەترسی کاڵ بوونەوەو بگرە لەناوچوون، ڕوونە کاتێ زمانی نەتەوەیەك لەناو بچێ سەرچاوەی مێژووی و یادەوەری ئەو نەتەوەیە زۆر ئاسانتر دەبێتەوە.

کاتێ کە تەواوی کەڵك وەرگرتنی مرۆڤی کورد لە زمانی دایکی تێنیا لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بێ و پاشتی نووسین و پەروەردەو بیرکردنی لە گۆڕ نەبێت وشکان لە بیر دەچنەوە و ئەو زمانە وردە وردە بەرەو گۆڕان نەگەتیف و تەنانەت لەناوچوون ئەچێ.، گاڵتەو سووکایەتیکردن بە زمان، ئەبێتە هۆی هەستی خۆ بە کەم زانین، ئەو ڕەوتە تا ڕادەیەك بەرەو پێشدەچێ کە ڕەگەز خۆشکەر دەبێت بە هۆَزموونی دەسەڵاتی باڵادەست و دور کەوتنەوەو تەنانەت نکۆیکردنی تاك لە ناسنامە و شوناسی سەرەکی خۆی.

کاتێ کە مرۆڤ لە گۆڕ منالی بە زمانێ جگە لە زمانی زگماکی قسە دەکات و زمانێ کە بیری پێدەکاتەوە، جیا لە زمانی خۆیەتی ئەو کەسە ئاسمیلە کراوەو شوناسی خۆی لە بیر چێتەوە.
بە پێی بڕگەی 1و2 پەیماننامەی پێشگرتن لە کەمکوژی و سزادانی و هەروەها بڕگەی شەشی دەستووری سەرەکی دادگای سزای نێودەوڵەتی هەر چێشنە کردەوەیەك کە بە مەبەستی پاکتاوکردن نەتەوەیەك یان بەشێك لە یەك نەتەوە یان گرووپێکی ئێتنیکی و قەومی، ئایینی، سیاسی و یان هەر تاقم و گرووپێکی تر یان دابینکردن و داسەپاندنی دۆخێك کە ئەم گرووپانە بەرەو لە ناو چوون ببات کەمکوژیەو تاوانێکی قورسی نێودەوڵەتییە.

هەر چێشنە گۆشارێك یان داسەپاندنی هەر دۆخێکی نالەبار بە ئەوەی تاقمێك لەناو بچێ کەمکوژی و ژینوساید دێنە ژمار.
کە وابوو دەکرێ هەر جۆرە کردارێکی نەرم و خشك، بە ئاراستەی ڕگەزنەدان بە پەروەردەو پەرەپێدانی کولتوورو شوناسی بنەمایی گرووپێك و هەوڵی سینەوەو لە بیر بردنەوەی، وەکو کەمکوژی نەرم و خشك پێناسە بکرێ.
بەچاوخشاندنێك بە ڕواڵەتی شارێك و سیستمی پەروەردە لەو شارەو لە کومەڵگاداو رامانێکی قووڵ و ویژدانی لە سیمای کەمەڵگادا دەکرێ نموونەی ئەم تاوانە نەرم و خشکە بە هێدی هێدی پاکتاوکردنی نەتەوەیەك هەست پێ بکرێ.

سنه/شاری قورۆ
شیوا میرەکی

لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا چی دەگوزەرێت؟ … سەدیق سەعید رواندزی

لەو چەند ڕۆژانەی ڕابردوودا، یادی سەدوبیست و یەك ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کرایەوە. وەرای مێژووکی درێژ لە کاری ڕۆژنامەنووسی و ئەو هەموو پێشکەوتنانەی لەو بوارەدا لەووی هونەری و بابەتی و تەکنیکی هاتوونەتە ئاراوە، وەلێ هێشتا چەندین سیماو خەسڵەتی نەرێنی ونامۆ،لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا دەکەونە بەرچاو. بەداخەوە هەر لەمیدیای سڤیەری حزبی بگرە کە هەندێکیان ناڕاستەوخۆ سەر بە حزب و جوڵانەوەیەکی سیاسین، تا نەبوونی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی و لایەنەکانی زمان و ڕێنووس و داڕشتنی هەواڵ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ ساتی گەرماو گەرمی ڕووداوەکاندا.

ئەمە وەرای سەنگەر گرتینی بەشێك لە ڕۆژنامەنووسان و چونیان بۆ کەناڵە دەوڵەمەندەکان، لە پێناوی پێدانی پارەی زیاترو کەینی هەڵوەستی سیاسیان، کە بەداخەوە هەندێکیان هیچ وەفایەکییان بۆ ئەو کەناڵە نابێت کە لێیەوە فڕی کاری ڕۆژنامەوانی بوون بۆنمووونە وەك کوردستانی نوێ .دیارە نەریتی کۆپیکردنەوەی وتارەکان و یاخود دزینی وتار و بابەتی نووسەرانی ترو بڵاوکردنەوەیان بەناوی خۆیان، بەشێکی دیکەن لە سیمای ناشرینی بەشێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بە بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ هەوێ و ماندووبوونی کەسانی دیکە، زۆر بە ئاسانی بابەتی کەسانێك بڵاو دەکەنەوە، کە دەقاو دەق لە نووسینی کەسانی تر وەرگیراوە، بەبێ هیچ جیاوازییەك یاخود دەستکارییەکی کەم، بێ ئەوەی نەناسرێتەوەو خوێنەری پێ فریو بدەن. ئەوەتانێ ئەمە لەکاتێکدا یادی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەینەوە و هیواو ئاواتمان ئەوەیە ڕاگەیاندن پێشبخەین و ببێتە جێگەی متمانەی هاووڵاتییان، کەچی هەر لەو ڕۆژەدا پێشێلی کاری ڕۆژنامەوانی وئیتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەین.

لەو ڕوانگەیەوە دەبینین کە هەفتەنامەی(زاری کرمانجی) کە لە سۆران دەردەچێت و هەڵگری ناوی پیرەزی گۆڤارەکەی حوزنییە،هاتووە ڕێك لە

ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیدا واتە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 22-4-2019 بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە، کەهەمان بابەت چوار ساڵ لە مەوبەر لە گۆڤاری(مامۆستا)ژمارە(10) ساڵی 2014 کەیەکێتی مامۆستایان دەریدەکات بڵاوکراوەتەوە.

کە بەڕێزێك نووسیویەتی بەناوی چاڵاك بەرزنجی. ئەم وتارەی زاری کرمانجی بڵاویکردۆتەوە، دەقی هەمان ئەو وتارەیە بەوشە و پەهەگراف و ناونیشان و ناوەڕۆکەوە، لەگەڵ زیادکردنێکی کەم بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە. بابەتەکە تەندروستییە و لەبارەی نەخۆشی کۆڕۆنە. بەڵام ناوی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نییە، پێدەچێت ئەوەی بابەتەکەی نووسیبێت، بەلایەوە نەنگی بێت ناوی خۆی لەسەر بنووسێت، چونکە دەزانێت دەق نووسینی کەسانی ترەو ئەو بەناوی خۆی بڵاویدەکاتەوە. بە داخەوە بەشێك لە ڕۆژنامەکان، لایان وایە هەموو خوێنەرێك وەك یەکە و هەرچییەك بیکەن، بڵیان دەچێتە سەر.

بۆ دەبێ کەسانێك لەسەر هەوڵ و ماندووبوونی کەسانی تر، بیانەوێت ببنە نووسەر یان ڕۆژنامەنووس؟ سەرنووسەری بڵاوکراوەیەك چۆن دەبێت هێندە بێ ئاگا بێت لە دنیای نووسین و بڵاوکردنەوە،کە بە ئاسانی کاری لەو شێوەیەی بەسەردا تێبپەڕێت، لەکاتێکدا خۆشی بەرپرسی نووسینگەی سەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە. من دەزانم لە دنیای ئەمڕۆی نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردیدا، هەنگە زۆر دیاردەی دیکەی لەو شێوەیەش هەبن، بەڵام نابێ بەسەرماندا تێپەڕێت. چونکە ئەمە زەمینە لە بەردەم کەسانی تریش خۆش دەکات کە بابەتی کەسانی تر ببەن و بەناوی خۆیان یان ڕۆژنامەکە بڵاویبکەنەوە. نووسین بە گشتی و کاری ڕۆژنامەوانیش بە تایبەتی، بەرپرسیاریەتییەکی فەرهەنگی وئاکاریی و ڕۆشنبیرییە.

ڕۆژنامەنووسی ئەرك و پیشەیەکی پیرۆز و بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە. دەبێ ڕۆژنامەنووسانی ئێمە لە ئاست ئەو بەر پرسیاریەتییە دابن. لێرەدا من بۆ دڵنیایی خوێنەران وسەلماندنی بۆچوونەکەم دەقی هەردوو نووسینەکە بڵاو دەکەمەوە، بۆ ئەوەی خوێنەران بەرچاویان زیاتر ڕوون بێت. هەرکەسێکیش مەبەستی بێت، دەتوانێت هەردوو نووسینەکە بخوێنێتەوە و بەراوردی یەکترییان بکات ئەوکات دەزانێت کە دەقەکە چۆن بردراوە…

سەدیق سەعید رواندزی

سەرچاوەکان:_

*نەخۆشی قۆڵەن/ نووسینی چالاك بەرزنجی/ گۆڤاری مامۆستا(ژمارە 9-10) ساڵی 2014..



نەخۆشی کۆڵۆن

چالاک بەرزنجی

بۆیە لەسەر ئەم بابەتە نووسیم چونکە نەخۆشییەکی زۆر باوە
لەراستیدا ئەم نەخۆشییە ناوی کۆڵۆن نییە، لە کوردستاندا پێی ئەوترێت کۆڵۆن بە ئینگلیزی پێی ئەوترێت
Irritable Bowel Syndrome
نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە لە کەسێکە بۆ کەسێکی تر جیاوازە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کەسەکە هەست بە ناوسک ئێشەو قڵپە قڵپ و با تێبێت لەگەڵ کەمێک ئاوسانی سک و هەبوونی لینجایی لە پیسایی و پاشەڕۆ هەندێک کەس تووشی سکچوون ئەبێت و هەندێک تووشی قەیزی ئەبێت... تووش بووەکە ماوەیەک باشەو ماوەیەک خراپە ئەویش بەپێی حالەتی سترێس و جۆری خۆراک دەگۆڕێت.
هەرچەندە ئەم نەخۆشییە مەترسیدار نییە بەڵام زۆربەی تووش بووەکان تا کۆتایی ژیان لەگەڵیان ئەمێنێتەوە، تووش بووەکان بە زۆری ئەوانەن کە جۆری خوێنیان A یە.
بەڵام تەنها کاتێک پێویستە سەردانی دکتۆر بکەیت ئەگەر کێشی لەشت دابەزیت بە بێ ویستی خۆت یان کاتێک پیسابیەکەت رەش بێت یان خوێنی لەگەڵدا بێت.
ژنان دوو هێندەی پیاوان زیاتر تووشی ئەم حالەتە ئەبن ئەم حالەتە زیاتر بۆماوەییە .

هۆکارەکانی

١. پسپۆران تا ئێستا بەتەواوی نەیانتوانیوە ئەوە ئاشکرا بکەن بۆچی لە هەنێک کەسدا ئەم حالەتە دەرەکەوێت بەڵام هەنێک جۆری خۆراک حالەتەکە قورس ئەکات و وات لێ ئەکات بێزارت ئەکات وەکو شیرو نیسک و تۆک و فاسۆلیاو شوتی و کاڵەک و نانی سپی و خواردنەوە گازییەکانی وەکو کۆلاو. وە هەندێک جار تووشبووەکە حەساسیەتی بە بەرهەمی گەنم هەیە وەکو نان و پسکیت و کێک.
وە پێویستە پارێز بکرێت لە چەوری و تیژی
٢. سترێس و دل تەنگی و نیگەرانی کاریگەربیەکی زۆری هەیە بۆیە زۆر کەس هەرکە تووشی دڵتەنگییەک ئەبن یەکێک لە نیشانە باوەکان ئەوەیە کە ناوسک دەست دەکات بە دەنگە دەنگ و با و شارەزووی خواردن نامێنێت بۆیە هەتا دڵتەنگ و نیگەران بیت ئەم نەخۆشییە زیاتر بێزارت ئەکات بە شێوەیەک کە زۆر کەس وا دەزانێت تووشی نەخۆشی مەعیدە بووە بۆیە ئەگەر ئەم نیشانانەت هەبوو پێویست بەوە ناکات پارەو کاتی خۆت بەفیرۆ بدەیت و سەردانی دکتور بکەیت.
٣. کۆران لە هۆرمۆنەکان ؛ ئەم حالەتە زیاتر دەر ئەکەوێت کاتێک گۆرانکاری بەسەر هۆرمۆنەکاند دێت بەتایبەت لە ئافرەتدا لە کاتی سوری مانگانەدا

چارەسەری

وەکو باسم کرد ئەم نەخۆشییە مەترسیدار نییە بۆیە بە پارێز کردن و کەم کردنەوەی سترس و دڵتەنگی حالەتەکە لەسەر خۆت سووک بکەیت ئەتوانیت حەپێک هەیە بەکاری بهێنی پێی ئەوترێت .Mebeverine
ئێمە ماندوو نەبین و ئێوەش لایک و کۆمێنت بکەن

**نەخۆشی قۆڵەن/ ناوی نووسەری بەسەرەوە نییە/ هەفتەنامەی(زاری کرمانجی) ژمارە(589)دووشەممە 22-



نەخۆشی کۆڵۆن چییە؟ (قۆڵۆن)

نەخۆشی کۆڵۆن لەهەندێك شوێن پێی دەوترێت قۆڵۆن حاڵەتێکی هەستیاری وسووربوونەوەیە تووشی زۆربەکی زۆر لە مرۆڤ دەبێت. نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەلەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کەسەکە هەست بە ناوسك ئێشەو قۆڕەی سك دەکات لەگەڵ کەمێك ئاوسانی سك و هەیوونی لێنجایی لە پیسمای وپاشەڕۆ، هەندێك کەس تووشی سکچوون دەبن، هەندێکیش تووشی ئەبزی، ماوەیەك باشە و ماوەیەك خراپە ئەوەش بە پێی حاڵەتی سترێس و جۆری ئەو خۆراکەی تووشبووەکە دەیخوات دەگۆڕێت.

هەرچەندە ئەم نەخۆشییە مەترسیدار نییە، بەڵام زۆربەی تووشبووەکان تا کۆتایی ژیان لەگەڵیان دەمێنێتەوە، تووشبووەکان بە زۆری ئەوانەن کە گرووپی جۆری خوێنیان A یە.

بەڵام ئەمانە کاتێك پێویستە سەردانی پزیشك بکەیت ئەگەر کێشی لەشت دابەزێت بەبێ ویستی خۆت یا کاتێك پیسابیەکەت ڕەش بێت یا خوێنی لەگەڵدا بێت.

ژنان دوو هێندەی پیاوان زیاتر تووشی ئەم حاڵەتە نەبن ئەم حاڵەتە زیاتر بۆ ماوەییە.

هۆکارەکانی:

– پسپۆران تا ئێستا بەتەواوی نەیانتوانیوە ئەوە تاشکرا بکەن بۆچی لەهەندێك کەسدا ئەم حاڵەتە دەردەکەوێت، بەڵام هەندێك جۆری خۆراك حاڵەتەکە قورس دەکات و لە نەخۆش دەکات بێزار بێت وەکو شیر، نیسك، تۆك، فاسۆلیا، شوربتی، کاڵەك و نانی سپی، هەروەها خواردنەوەگازییەکان، هەندێك جار تووشبووەکە هەستیاری بە بەرهەمی گەنم هەیە وەك نان، پیسکویت و کێك.

– سترێس ودڵ تەنگی وئێگەرانی کاریگەری زۆری هەیە، بۆیە زۆر کەس کە تووشی دڵتەنگی دەبێت بەکێك لەنیشانە باوەکان ئەوەیە ئاوسك دەست دەکات بە دەنگە دەنگ و با و ئارەزووی خواردن نامێنێت. بۆیە هەتا دڵتەنگ و نیگەران بێت، ئەم نەخۆشییە زیاتر بێزارت دەکات، بەشێوەیەك کە زۆرکەس وادەزانێت تووشی نەخۆشی گەدە بووە، بۆیە گەرلەم نیشانانەت هەبوو پێویست باوە ناکات پارەو کاتی خۆت بەفیڕ بدەیت. وائە ئەم نەخۆشییە زیاتر پەیوەستە بە لایەنی دەروونی و دۆخی سترێسی کەسەکەوە، بۆیە ئەگەر توانیت زاڵ بیت بەسەر کێشەو دڵ تەنگییەکانی ژیانی ڕۆژانەت ئەوا بە ئاسانی دەتوانی کۆنترۆڵی حاڵەتەکە بکەیت.

– گۆڕان لەهۆرمۆنەکان، ئەم حاڵەتە زیاتر دەر دەکەوێت کاتێك گۆڕانکاری بەسەر هۆرمۆنەکان دێت بەتایبەت لە ئافرەتدا لە کاتی سووری مانگانەدا.

چارەسەر:

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا ئەم نەخۆشییە مەترسیدار نییە بۆیە بە پارێزکردن و کەم کردنەوەی سترێس ودڵتەنگی دەتوانی حاڵەتەکە لەسەر خۆت سووك بکەیت. لەزانستی پزیشکیدا هیچ پشگیرێك نییە بۆ دەست نیشانکردنی نەخۆشی کۆڵۆن پزیشك بەگوێ گرتن لە نەخۆشەکە دەست نیشانی دۆخەکە و شێوەی چارەسەری دەکات.

نەخۆشییەکانی کۆڵۆن، بە پەکێك لە کێشە هەرە باوەکانی مرۆڤ ئەژمار دەکرێ کە دەبێتە هۆی قەبزی، سکچوون، غازات پەیدابکردن، ئاوسانی ورگ و شەپۆلە ئازارییە سك، ئەخۆشییەکە تووشی بەشی کۆڵۆن دەبێت لە کۆتەندامی هەرس و پڕ تووشی ئەوانە دەبێت کە تەمەنیان لەنێوان ١٥ تا ٤٠ ساڵاندایە.

پسپۆڕانی بواری تەندروستی، هۆشداری دەدەن بە دووركەوتنەوە لە دڵەڕاوکێ، هەروەها پارێز لە هەندێك خواردن، بۆ ئەوەی زۆربەی تەمەنیان بە دەم ئازاری کۆڵۆنەوە بەسەر نەبەن، دەشڵێن خۆپاراستن لە نەخۆشییەکە باشترین چارەسەرە و دەرمان دادی نەخۆشییەکە نادات.

بۆ ئەوی دووریی لە نەخۆشییەکانی کۆڵۆن وریای ئەم خاڵانەبە:

١- خەم و دڵەڕاوکێ هۆکاری سەرەکییە.

٢- ئابێت لە کاتی نانخواردندا زۆر قسە بکەین، چونکە دەبێتە مایەی جوان نەجوویینی خۆراکەکان.

٣- دەبێت بەرنامە بۆ ژەمە خواردنەکان دابنێ، ئەك بە هەرەمەکی خواردن بخۆین.

٤- خواردنی چەربزات بێ بەرنامە و بە شێوەبەکی زۆر، هۆکارێکی نیکەی تووشبوونە.

٥- زۆر خواردنی خواردەمەنییە سووركراوەکان.

٦- خواردنی هەر میوەجاتێك کە بە مادەی کیمیایی چێنرابێت.

٧- خێرا نانخواردن، دەبێت ئەو خواردنانەی دەیخۆین زۆر بە جوانی بیانجوویین، ئینجا قوتیان بدەین.

٨- ئابێت لە کاتی خواردنی ژەمەکاندا بڕێکی زۆر هەوا هەڵمژێ.

٩- نەخواردنەوەی خواردنەوە گازییەکان.

١٠- کەم کردنەوەی خواردنە ئیرینەمەنییەکان.

…2019_4

*ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(7858)ی ڕۆژی 8-5-2019 بڵاوکراوەتەوە..

بەهای روخسار لە دراماو سینەمادا … حەیدەر عەبدولڕەحمان

بەرهەمهێنەرە جیهانییەکانی بواری دراماو سینەما بایەخێکی تایبەتی دەدەن بە روخساری ئەکتەر و بە توخمێك لە توخمەکانی خەسڵەتەکانی ئەکتەری دادەنێن، لەوانەش کۆمپانیاکانی هۆلیود و کۆریی و ئوسترالی و ئەرجەنتینی و چەندین وڵاتی دیکە، کە بۆیان دەرکەوتووە روخساری سرنج ڕاکێش ڕەنگدانەوەی ئەرێنیانەی خۆی هەیە بەسەر بۆی تەماشاکاران و گەرم و گوڕی پەنجەرەی هۆڵی سینەماکان و شاشەی تەلەفزیۆنەکان، چونکە کامێرا دەسەڵاتکی سیحراوی هەیە لە

بەرجەستە بوون و دەرخستنی شێوە، کە زۆرجاران هەندێ جۆری بینەر دەکەوێتە ژێرکاریگەری شێوەو و هەست دەکات کەپێویستیان بە تێڕامان و هەڵمژینی جوانیی شێوە هەیە، بە رادەیەك زۆر جاران ئەو روخسارو شێوانە کاریگەرییەکانیان ئەوەندە قووڵەَ بەسەر بینەردا، بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات فریو دەدرێت، بۆیە هەستە جیا جیاکانی ئەوەندە بە ناخ شێوەدا روو دەچن، کەمتر بوار بێ ناوەرۆك و ئەقڵ بە جێ دێڵن کە بەرەو شیکردنەوەو لێکدانەوەیەکی لێژیکی پێهکهاتە دراميەکان و رووداوەکان قوڵ ببنەوە، ئەوانەی هەموو پشت بەستنەکیان بە شێوەو روخسارە لە کارە دراميیەکاندا هەموو ئەو فاکتەرە جۆراو جۆرانە بەکار دەهێنن کە بینەری پێ چەواشە دەکرێ ، بە تایبەت بینەری گەنج و بینەری خۆزان کە زۆرێك لەوان لە دەرەنجامی بڵشاییەکی زۆر لە ژیانی رۆژانەیاندا بەردەوام دەبن لە بەسەرکردنەوەی هەندێ لەو زنجیرە دوورو درێژانە کە زۆربەیان لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێنەوە و بریتین لە تەنها موغازەلات و نیشاندانی شێوەی هەڵخەڵەتێنەری ئەوتێ کە زۆرێك لە بینەران خەیاڵی خۆیانیان لە سەر بونیات دەنێن .

زۆر ئەکتەر هەن، جوانیەکانیان بونەتە فاکتەر بێ ئەوەی پەلکێشی دنیای سینەماو دراما بکرێن و لە ماوەیەکی کورتدا ببن بە ئەستێرە،بێ ئەوەی ئەوان رۆژێ لە رۆژان لە خەونیشا بڵوایان بەوە هەبووبێ کە دەبن بەو ناوە رەونەقدارانەی بواری سینەماو دراما، ئەوەتا سەرچاوەی هەرە بە پێزی دراما تورکییەکان رووخسارە کە لای ئەوان لە سەرووی هەموو پێکهاتەکانی دیکەی دراما هەژمار دەکرێت ،هەموو پێکهاتەکان بە تێکڕایی لەوانەش سیناریۆ و وێنە گرتن و دەرهێنان لە پێناو بەرجەستە بوونی جوانییەکانە کە ئامانجی سەرەکی کارە دراميیەکانی ئەوانن .. کرێکی راستەقینەی روخساری جوانیش لای لاوەکانە کە لە هەموو کارە دراميیەکاندا تەوەری بنەڕەتی دراماکانن و بینەر زۆرینەی کاتیان لە گەڵدا بە سەر دەبات ..

بەڵام بەرجەستە کردنی روخساری جوانیی بێ کاری درامی مەرج نیە تەنها لە بازنەی پرسی لاوەکی و رووکەشی بە ناو خۆشەویستی بخوڵێتەوە کە زۆر جاران بە تایبەت لە دراما تورکییەکاندا بۆزەوەرو ئێکسپایەر دەبێت و لە چمکی پیرۆزی خۆشەویستی کەم دەکەنەوە، لە بری ئەوەی وەك (یوسفی راستگۆ) ی ئۆرانیەکان و (گەوهەری کۆشکی)ی کۆریەکان گەورەو پیرۆزی بکەن، دەکرێت پرسی خۆشەویستی بکرێتە بنەڕەت،بەڵام بەو ئاراستەیەی کە خۆشەویستی تێیدا جوانترو پیرۆزتر بێت لە مانا پیرۆزەکەی خۆی، خەڵکی لە

پەنای ئەو جۆرە خۆشەویستیە پێ لە گوزارشتانە، هەست بە گەورەیی مرۆڤ بکات، نەك خۆشەویستی بکرێتە کەرەستەیەکی بازرگانی و دەرهاوێشتەیەکی ژەهراوی کۆمەڵگایەکی فاسید ی شیرازە پچڕاو ..

لە زنجیرە دراماى (گەوهەرى کۆشك) و(سێناتاى زستان) کە دوو زنجیرە دراماى کۆرین و بەشێکى زۆر لە کیشوەرەکانى جیهانیان هەژاندووە و لە گەڵ هەموو کۆمەڵگایەکدا دەگونجێن تیایاندا بایەخێکى زۆر بە روخسار دراوە، بەڵام ئەو روخسارە بێ کۆمەڵێ چمکى مرۆیى پیرۆز بەرجەستە کراوە، بۆیە روخسارەکانیان جوانتر کردووە لە خۆى .

ئێمە لە سینەماو دراماى کوردى نوێ دا ئارەزووى ئەوەمان هەبووە کە روخسارى جوان بەرجەستە بکەین،بەڵام لە سنووردکى دیارى کراودا ماوینەتەوە،هەر بۆ نموونە رەنگە روخسار لە زنجیرە دراماى (مەمى ئاڵان) ى ناسر حەسەن، کێڵگەیەك بووبن بۆ نەوخانى زنجیرەکە،ئەگەر روخسارو وێنە گرتن نەبوونایە خوا بزانێ زنجیرەکە بە کام هەڵدێردا دەکەوت،لە زنجیرە دراماى (گەردەلوول) جەلیل زەنگەنە زۆر بە وردبینى و هەستیارییەوە هەڵسوو کەوت لەگەڵ هەندێ روخساردا دەکات، لەوانەش پاڵەوانانى زنجیرەکە، بۆیە لایەنێکى زنجیرەکەى لە دەست پووکانەوە رزگار کرد، جەلیل زەنگەنە دروست کەرى کەسایەتى و روخسارێکى وەك وەنەوشە و باران بوو، کە ناوداریەکى زۆرى بۆ پەیدا کردن و خەڵکى دووچارى بە دوا دا گەڕانیان بوون، بەڵام مەرج نیە ئەو روخسارانە وەك خۆیان بمێننەوە، زۆر جوینەوەو دووبارە کردنەوەیان لە بەرهەمى بازرگانى کرچو کاڵدا دەبێتە هۆى سوانى روخسارو لە دەست دانى پەرۆشى بینین بۆ ئەو روخسارانە، بۆیە زۆر لە ئەکتەرە جیهانییەکان هەوڵى پاراستنى هاوسەنگى دەدەن لە خۆ نیشاندان و دەرکەوتن، هەر بۆ نموونە ئایا پەرۆشى بینەر بۆ روخسارى (وەنەوشە) دواى پشکەش کردنى بەرنامەو دەرکەوتنى هەفتانەى،بەو شێوازە لاوازە وەك پەرۆشى جارانى بینەرە دواى نمایش کردنى گەردەلوول ؟

ناوازەیى زۆر لە روخسارە درامیە کان، بەتایبەت ئەوانەى ناتوانن کاریگەرییەك لە هزرى بینەردا بە جێ بێڵن، روخسارى کاتین کە بۆ ماوەیەك لە هەستى بینەردا دەمێننەوە پاشان لە گەڵ تێپەبوونى زەمەن زۆر بە ئاسانى کاڵ دەبنەوە،چونکە دواى ئەوەى کاریگەرییە لەسەر هەڵنیشتووەکانى سەر هەست و سۆزى بینەر نامێنن، وێنەکانیش لە خەیاڵدا کاڵ دەبنەوەو لە بار دەچن، هەندێ لە دەرهێنەرە درامیەکانى ئێمە بە دەست گرفت و قەیرانى روخسارەوە دەناڵێنن، ناچارى ئەوە دەبن کە روخسارە سواوەکان وەك بنەشتە خۆشە لەهەموو

بەرهەمکا دووبارە بکەنەوە،خەڵك ئەوەندە لە دەست ئەو روخسارانە بێزار بووە بەرهەمەکان لەهەر چ ئاستێك دابن بینەر قەبووڵیان ناکات و نایەوێت جارێکی دیکە بیانبینێتەوە، بەتایبەت ئەو درامایانەی لە سنووری شاری هەولێر تۆمار دەکرێن، کەچی لە هەندێ شوێنی دیکەدا دەرهێنەرەکان لەبەر ئەوەی کێشەی روخساریان نیە، زۆدە ڕۆیی لە روخساری ئافرەتدا دەکەن .

هەندێ لەو روخسارانە شوێنی خۆیان بێ پێکردنەوەی کەسایەتییەکانیان وەك پێویست پێ کردێتەوە و توانییوویانە وێنەی داهێنەرانەی جوان لە هزرو خەیاڵی بینەردا دروست بکەن، بەڵام هەندێکی دیکە توانای گوزارشت کردن و داهێنانیان نیە، بۆیە تەنها وەك وێنەیەکی مۆمیا کراو دەبیندرێن کە ناتوانن هیچ خرپەو سروشتێك بە بینەر ببەخشن، بۆیە روخسار تەنها لە پێناو روخساردا زۆر جاران پارچەیەك لە جەستەی دراما ئیفلیج دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو زۆری و بڕیە لە روخساردا زۆر جاران تیشك لەپاڵەوانی سەرەکی دراماش دەدزێ و وای لێ دەکات ، دیقەتی بینەر بکەوێتە سەر چەند خاڵێك و پەرت و بڵاویان دەکاتەوە، بەمەش لە کەسایەتی پاڵەوانی سەرەکی لاواز دەکەن، بێ ئەوەی ئەو تیشك وەرگرتنە لە پاڵەوانی سەرەکی خزمەت بە کەسایەتیەکانی دیکە بکات، کەواتە نەبوونی ڕۆ وشوێن بێ روخسارە بە زۆر زۆدە کراوەکان لەرووی هاوکێشەی هونەرییەوە ، وەك کەموو کوێی و بێشایی نەبوونی روخسارە وایە لە درامادا .

حەیدەر عەبدوڵەحمان

منداڵێ ئێمانیێ نەشیاوێکان کێ بوون؟!... جیهاد موحەمەد

منداڵێ دڕکراوێکان، یان (Tyskebarn) تیسکەبارن(منداڵێ ئێمانیێکان)، ئەو منداڵانە بوون، کە لە کاتی داگیرکردنی وڵاتی نەرویج لە ساڵی ١٩٤١ تا ساڵی ١٩٤٥ لەو دایکانە لە دایکبوون، کە بە زۆر یان بە خوایشت سکیان پێبوو لە سەربازێ ئێمانیێ داگیرکەر و شەکرێکان.

لەم ماویەدا بابەتکەم لەسەر ئەو ستەم و زوڵمە نووسی کە بەرامبەر بە منداڵە لە دایکبووەکانی ئێزیدیی دەکرێت، کە لە لایانە پیاوە دەستدرێژکانی داعشەوە حەڵاڵ کران و بە زەر سکیان پێکردن و منداڵیان بوو. دوای ئەم کارەسات و تاوانە گەورەیە جارێکی تر ئێزیدیەکان هەمان تاوان و کارەسات بەرامبەر بە کچ و خوشکەکانی خۆیان دەکەن، وەریان ناگرنەوە، منداڵەکان بە منداڵی داعش و ئیسلام و زۆر دادەنێن، بۆیە ئەگەر ژنەکانیش وەربگرنەوە، بە زەر منداڵەکانیان پێ فڕێ دەدەن و قبووڵیان ناکەن.
ئەستاش دەموێت لەسەر هەمان بابەتی خەم دەربەم و هەندێک ڕوونکردنەوە بدەم لەسەر ئەوەی، کە ئەم عەقڵیەتە لە کۆمەڵگەی سەرچاوەی گرتووە.
لە ساڵی ١٩٤١دا نازیەکان پەلاماری وڵاتی نەرویجیان دا، دوای بەرخۆدانێکی بە وێنەی خۆکی قارەمانی نەرویجیی، نازیەکان توانیان نەرویج داگیر بکەن. هەروەک چۆن داعشەکان لەسەر بنەما ئیسلامییە دواکەوتوو و داگیرکارییەکە هەموو سەروەت و سامانی وڵاتانی داگیرکراویان حەڵاڵ دەکرد، ژن و کچەکانی وڵاتی داگیرکراویشیان حەڵاڵ دەکرد، دەیان کردن بە کەنیزەک و، سکیان پێ دەکردن، کەین و فرۆشتنیان پێوە دەکردن. بە هەمان شێوە سەربازە ئەمەریکانە داگیرکەرەکانیش هەرچی وڵاتەکیان داگیر دەکرد، ژن و کچەکانیان دەکرد بە ژنی خۆیان و سکیان پێ دەکردن. بەڵام یەک جیاوازی لە نێوان ڕەفتارە گاوەکەی داعش و نازیەکاندا ئەوە بوو، کە نازیەکان کەین و فرۆشتنیان بە ژن و کچەکانەوە نەدەکرد.

ئەم عەقڵیەتە، ئەم بیرکردنەوەیە، عەقڵیەت و بیرکردنەوەیەکە، لە تەڕسەندنەوەوە هاتووە، عەقڵیەت و بیرکردنەوەیەکی زەر دواکەوتووی نامرۆڤیە، یاسای دارستانیش ئەمە قبووڵ ناکات، بەڵام نازیەکان و ئیسلامییەکان بە هاندانی سەربازەکانیان، بە ئەوەی باش شۆیان بە بکەن، بە ئەوەی بشبەت بە هەڕەشەیەکی گەورە و ترسان و تۆقاندن، هاتن ئەم بیکردنەوە پوچ و نامرۆڤییەیان لە ناو شەکەرەکانیاندا پەرە پێ دا، بەوەی کە وڵاتانی داگیرکراو هەموو سەروەت و سامان و ژن و کچەکانیان حەڵاڵی شەکەرە داگیرکارەکان. لە لایەکی تر، ئەم عەقڵیەت و بیرکردنەوەیە، عەقڵیەت و بیرکردنەوەیەکی سیکتاریزمییانەیە. ئایدۆلۆجییستیە دینییەکان و هەگەزپەرستیی و نەتەوەپەرستیی نازیەکان، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خۆیان بە پاقژ دەزانن و هەرچی دین و ئاین و هەگەزێکی دیکە هەیە بە پیسی دەزانن، کەچی بە تەرکردنی ناوگەی خۆیان، ژن و کچەکان حەڵاڵ دەکەن، ئەوی ئیسلام نییە، ئەوی لە دینێکی دیکەیە، ئەوی لە هەگەز و

نتاوەیەکی دیکەیە، پیسە، وەلێ لەگەڵ پیسیەکەیدا، ژن و کچەکانیان حەڵاڵن، بە چەڕ وەرگرتنی ناوگەڵ پاقژن، وەلێ بە پەکاوە ژیان حەڵاڵن!. مرۆڤی هۆشیار باش لەوە تێدەگات، کە ئەم سینەوە و پاکتاوکردنە، پەکاوە ژیان لای داعش ئیسلامییەکان حەرامە، بەڵام پەکاوەژیان لەگەڵ ژن و کچەکان و کەین و فرۆشتن پێیانەوە حەڵاڵن. نازیەکانیش بە هەمان شێوە، ژن و کچە نارویجیەکانیان حەڵاڵ دەکرد، بەڵام قبووڵیان نەبوو گەلی نارویجیی بە سەربەرزیی لە وەاتی خۆیدا بژی.

ئەم کارەسات و تاوانی بەرامبەر بە کەمەاگا و خەڵکی وەاتی نارویج لە ماوەی ساڵی ١٩٤١ تا ساڵی ١٩٤٥، ساڵی رازگاری وەاتی نارویج درێژەی کێشا، لەم ماوەیەدا بە گوێرەی زانیاریەکان ٥٠ پێنجا هەزار مندااڵ لە دایک بوون لەو ژنانەی لە لایەن سەربازە جەراو جەکانی ئەڵمانیاوە سکیان پێ دەکرا، لە سەربازگەی ئاسایشەوە تا دەگات بە بەرزترین پلەی سەربازیی سڵی نەدەکردەوە لەم دەندەیە. بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەی دیاری مندااڵکانی نزیکەی ١٢دوانزە هەزار مندااڵکە، ئەوانەی دیکە کەس نازانێت چۆن بە سەروشوێن کراون.

ئەم کارەسات و تاوانە تەنها بەوەوە نەوەستا، بەڵکو لەوێش خراپتر ئەوە بوو، کە کەمەگای نارویج بەو عەقڵیەتە دواکەوتووەی ئەو سەردەمەوە، بە یەکجار و بە زەرینە، بەیاری ئەوێیان دا، کە ئەم مندااڵانە وەرنەگرن و، فەڵیان دەنە دەرەوەی نارویج و بە تایبەیی دەریانکردن بە ئەڵمانیا. ئەڵمانیاش بە هەمان شێوە وەری نادەگرتنەوە و لەم ناوەدا مندااڵی بە دایک و باوکی قورباسەر وەک تەپی ناو گەڵپانی یاریکردنی لە هاتبوو، هەرکەس ڕاستدەبووەوە شەقی تێ هەڵدەدا.
هەندێک لەو مندااڵانە نەردران بە ئەڵمانیای شەرقی، ئەڵمانیای شەرقی، زەرەک لەم مندااڵانەی گەورە کرد، بەڵام ئەو داخ و کینەیەی لە دڵی ئەم مندااڵانەدا هەبوون، بەکاریان هێنان بە کاری سیاسیی زەر قەزەون، زەریان لە کردن بە سیخور و خولی سیخوڕیان پێ دەبینین و فێری کاری سیوخوڕیان دەکردن و دەیاننارەدن بە وەاتانی دیکە، بەم جەرە جارێکی تر کارەسات و تاوانێکە بەردەوام بوو لەسەریان.
لە ناو ئەو مندااڵە زوەم لێکراوانەدا کەسایەتیەکی زەر گرنگ و بە بایەخی مرۆڤیی دەرکەوت، ئەویش خانمی ئازا و بوێر و مرۆڤدۆست و پە لە بەرخەدان (گەرد فلەشەر) بوو.

"گەرد فلەشەر":

یەکەکە لەو ژنە ئازا و بوێر و پشوودرێژانەی، کە زوڵم و ستەمەکەی خۆی و هاوڕێکانی تری کرد بە گەورەترین بەرخۆدان دژی ئەم کارەسات و تاوانانەی بەرمبەریان کراوە.
"گەرد فەرشەر" ئێستا سەرکی ڕێکخراوەکی دەوڵەتییە لە نەرویج، ڕێکخراوەکەی ناوی،"پشتبەستن بە خۆت"ە. ئەم ژنە ئازا و نەبەردە، لە ١٧ ساڵیدا نەرویجی بە جەهەشتووە لە ژێر ئەو هەموو فشارە دەروونییەی کە لەسەری بووە. ئاخر هەندێک لەو منداڵانەی کە بە نیمچە قاچاخ ماونەتەوە لە نەرویجدا، بەهام بەردەوام لە ژێر فشاری تیرۆرکردنی کەسایەتیاندا ماونەتەوە، پێیان دەوترا"تیسکە بارن" (Tyskebaran)، ئەم ناولێنانەش بە ئەو منداڵانە بریندارکەر بوو، چونکە ئەمنیای نازیی خۆشویست نەبوون لە نەرویجدا. هەوڵێک چەن ئێستاش ئێزیدیەکان بە منداڵی کچ و خوشکەکانی خۆیان دەڵێن، منداڵی داعش، یان منداڵی زنا و حەرام. ئەم عەقڵیەتە حەق وایە لە دنیادا هەبێت، نەفەرتکردن لە داعش و نازیەکان حەقێ و کارێکی باشە، وەلێ منداڵ هیچ تاوانێکی نییە. منداڵ، لە خولقاندنی و لە دایکبوونی و ناولێنانیدا دەسەڵاتی نییە، دەسەڵاتی نییە لەوەی باوکی کێیە و کێ نییە، دەسەڵاتی نییە لەوەی دایک و باوکی لەسەر کام پرنسیپ و کام ڕەوشەن جووت بوون.

"گەرد فەرشەر" ١٨هەژدە ساڵ لە تاراوگەدا ژیانی بردوەتە سەر، بە زەری لە مەکسیک ژیاوە لەگەڵ زەڕەک لە هاوڕێ دەرکراوەکانی خۆیدا، دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە نەرویج، دەستی کردووە بە دژایەتیکردنی ئەو تاوان و ستەمەی لەو منداڵانە کراوە. لە دوا جاردا بوو بە کەسایەتیەکی دیار و گەورە لە وڵاتی نەرویجدا، بە فشاری ئەم ژنە بەهێز و زەڕەک لەوانەی گەشکراون بە عەقڵیەت و پەروەدەی مرۆڤیی سەردەمیانە، توانیان نەک هەر وڵات و کەهەڵاگای نەوریجیی پێشیمان بکەنەوە لەو تاوان و کارەساتەی بەسەر ئەو منداڵانەدا هێناویانە و درێژیان داوە بە تاوانی نازیەکان، بەڵکو لە ساڵی ٢٠٣دا پەرلەمان ناچار کرا کە داوای لە بووردن بکات لە سەرجەم ئەو منداڵانە و، بەیاریش درا کە قەرەبوویەکی تەواوی هەموو ئەو منداڵانە بکرێتەوە. ئێستا هەموو ئەو ژن و پیاوانەی گەڕاونەتەوە بە وڵاتی نەرویج بەر ئەو لێبوردنە کەوتوون و بەو پەڕی بەختەوەریەوە دژین و سوودمەندن لە هەموو قەرەبووکانی ئەو بەیارەی پەرلەمان.

کەچی بە داخێکی زەڕەوە، لە کوردستان و عەراقدا بە دڵگەن نەبەت باسی درێژدان بە تاوانکانی داعش ناکرێت لە لایان ئێزیدیکانەوە. ئێزیدیکان زوڵم و ستەمی زەریان لێکراوە لە لایەن ئیسلامەوە، بە

تایبەتی لە لایەن داعش دەندەکانەوە، وەلە زۆمکردن لەو منداڵانەی لە پیاوە داعشەکانن، هیچ جیاوازیی نییە و هەمووی دەچێتە خانەی تاوانی مرۆییەوە.

جیهاد موحەمەد/ نەرویج
٢٤/٤/٢٠١٩

زۆرێك لە نهێنییەكان لە ئەم شاراوەبوون بەردەوام وردە وردە دەردەكەوێت ..زاهیر باهیر

سەبارەت بە ئازیبوونی ئەردەگان لە دیداری ئەجەلانا لە لایەن پاریزەرەكانییەوە وە وردە وردە هەندێك ئاستی لە سەرچاوە باوەپێكراوەكانەوە دەكەوێتە ڕوو. بەڵام ئەوەی كە من لەو سەرچاوانە تێگەیشتووم ، بە گوێرەی هەبوونی ناكۆكییەكان لە گەڵانەوەی ڕووداوەكانا ، ئەویە كە ئەمەی ڕوویدا هیچ پەیوەندییەكی بە فشاری مانگرتوانەوە لە نانخواردن نەبووە ، چونكە نێك دیكتاتۆرێكی وەك ئەردەگان گوێنادات بەو بەڵكو حكومەتە دیمەكراتییەكانی ئەوروپا و ئەمریكاش حسابی بۆ ناكەن. هەروەها هیچ پەیوەندییەكیشی بە پەداگرتنی ئەردەگان لەسەر دووبارەكردنەوەی هەڵبژاردنی ئستەنبول نییە ، بەڵام گومانی تیادا نییە گەر پرسەی ئاگربەستی و بەدویشیدا ئاشتی بێتە كایەوە، بەڵای من ئاكەپە سوودمەند دەبێت لەوە بە بردنەوەی ئستەنبول . ڕاستییەكی دیكەش ئەویە كە هەتا پارێزەرەكانی ئەجەلان ئەویان نەدیت ، ئەردەگان ئیعلانی ڕەژی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنەكەی ئستەنبولی نەكرد. پەشتر ئەردەگان وەڕوری ئەوەی دەكرد بەڵام بە پەیامەكەی ئەجەلان ئیتر دەنیابوو كە دووبارەكردنەوەی هەڵبژاردنەكەی ئستەنبول ، دەنیایی بردنەوەی هەڵبژاردنەكەی دەكات.
بە گوێرەی یەكێك لە هەرە سەرچاوە باوەپێكراوەكان كە ئەل-مەنیتەر كە لە ڕەژی 06/05 دا وتارێكی بڵاوی : بۆچی تورکیا ڕێگای دا كە ڕابەرە زیندانییەكەی كورد پارێزەرەكانی ببینێت پاش

ماوەیەکی درێژ؟ نوسەرەکەی Amberin Zaman کە زۆر باوەڕپێکراوە و لەو ناوچەیەدا زیاتر لە 5 ساڵ کاری هەر ئەوەیە، زۆر خاڵی خستۆتە ڕوو.
من لە دامەزنی ئەم پەستووە لینکەکە کە بە ئینگلیزییە دادەنێم ئەوەی کە ئینگلیزی دەزانێت گەر بخوازێت دەتوانێت سەردانی بکات ، هاوکاتیش تەنها خاڵە گرنگەکانی لەهەدەبژێرم و دەیخەمە بەر دیدی خوێنەر.
• تۆری سیخوری میت لەم ماوەیەدا کەماندە مەزووم کەبانی بینیوە کە کەسێکی نزیکە لە ئۆجەلانەوە . یەکەم دانیشتنیان 10 ڕۆژ لەموبەر واتە 10 ڕۆژ پێش نوسینی ئەم وتارە ، 06/05 ، بووە . کەبانی کە لە ناو پەکەکەدا ئاوا ناسراوە بەنام ناوە ئەسیەکەی خێی فەرهات عەبدی ساهین-ە . حەفتەی پێشتر دوای یەکەم بینین دووبارە دانیشتنیان کردەتەوە ، دوای ئەوەش لەگەڵ ئۆجەلانا لە ئیمراڵی پاشان دووبارە لەگەڵ کەبانی [ساهین] کە پێشی دەوترێت Cilo دووبارە بەتەوە .
• ڕۆژنامەنوسەکە دەڵێت " سەرچاوەکە بەردەوام بووە لە قسەکانیا، وتی کە دانیشتنەکان مانگێك لەموبەر دەستی پێکردووە لە ڕۆگای نوێندگیریی ئەمریکاوە . بە گومان هەموویان لە ئەستادا نکۆی لیدەکەن . دەنیی ئیمرالی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نییە ، کورد کەمێك بە موعارزە دەکات لە هەر دووبارەبوونەوەیەکی هەڵبژاردنا"
• دەڵێت نکۆرا بگەینە هێزی سوریای دیمۆکرات بە فەرمیاگەیاندنی قسەی زیاتر بەنام کەبانی بە ئەل-مۆنیتەر وتووە دانیشتنمان لەگەڵ میت-د نوێنەری ڕەسمییان، لە مانگی ئازاردا لە سوریا کردووە لە کاتێکدا کە قسە لەسەر ئاشتی لەلایەن ئۆجەلان و حکومەتی تورکیاوە بەردەوام بووە. کەبانی هەفتەی پێشو ئەوەشی پشتڕاستکردەتەوە کە وتووێژ " وتووێژی ناڕاستەوخۆ" لە نێوانی تورکیا و هێزی سوریای دیمۆکراتا بووە " لە ڕۆگای نوێندگیرێکەوە " . دەرکەوت ئەویش نوێنەری ئەمریکا لە سوریا، جیم جێفری، بووە. ئەو بە تەمایە کە مامەڵەکە لە نێوانی ئەنقەرە و کەبانیی-دا بکات سەبارەت بە پێشنیاری زەنی سەلامەتی بە نێوانی تورکیا و باکوری سوریا لە ساڵی پارەوە .
• ئەو ڕۆژەی کە ئۆجەلان پارێزەرکانی بینیوە جێفری لە تورکیا بووە . بەنام کەبانی وتوێتی دانوستانەکە بەو مەرجە دەکرێت کە تورکیا لە عەفرین بکشێتەوە .

http://
https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2019/05/ocalan-call

s-calm-sdf- xxxxxxxxxxxxx
https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2019/05/ocalan-calls-calm-sdf-xxxxxxxxxxxxx

زاهیر باهیر
10/05/2019

دیمانە لەگەڵ ئاری ئاغۆک … ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئەلیاس

ئاری ئاغۆك : شیعر وەك شۆرپەنجەیەکی سپی تێکەڵ بەرۆح و بوونم بووە
دیمانە/ کامەران حاجی ئەلیاس

کەمن ، ئەو کەسانەی لە ژیانی خۆیاندا بتوانن ، لە چەندین بواری جیا جیا ، (شیعر،شانۆ، راگەیاند) ئەسپی خۆیان تاو بدەن ئەو ، کاتێ لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بوو ، هەر زوو هەستم کرد ، لە جووڵە و هزردا لەگەڵ هاو پۆلەکانی جیاوازە ، مرۆڤێکی هەمن ، ئارام.. چاك لەبیرمە زۆر جار لە کاتی گفتوگۆدا سورهەڵدەگرا..ئەو لە دەریای شانۆ مەلەوانێکی باش بوو بەڵام لە دەریایی شیعر مەلەوانێکی زۆر باشتر بوو ، لەویش باشتر میدیاکارێکی سەرکەوتوو بوو ، هەمیشە شانازی بە رەوانشاد مامۆستا (رۆستەم باجەلان) دەکات ، چونکە هاندەرێکی سەرەکی بووە ، فۆری ئەلف و بێ ی شیعر و ئەدەبی کردوە ، فۆری بوێری و ووتار نوسینی کردوە ، خۆشەویستی رەهای بێ دایکی هەوێنی راستەقینەو دەرخستنی ناخی ئەو بووە ، بێ ئەوەی چەندین کتێبی شیعری لە دایك بێت ئەو (ئاری ئاغۆك)ە لە دیمانەیەکدا بە چەند پرسیارێك ئەم گفتگۆیەمان کرد…

***سەرەتا کورتەیەك لە ژیانی هونەری و ئەدەبی و میدیایی خۆت باس**

بکەی ؟

- ئەگەر بگەڕێنەوە ، خاڵی سەرەتا دەتوانم بڵێم هەرس بوار لە یەك خاڵدا خۆیان دەزیەوەو هێدی هێدی بەرەو فراوانی چوون ، ئەویش دوای ڕاپەرین مەودای دەزگا راگەیەندنەکان فراوان بوون ، هەر تاکەو لە گۆشەنیگایەکەوە هەوڵی خۆ دروستکردنی دا ، بۆیە منیش لەساڵی ١٩٩٤ لەڕگەی بەشداریکردن لەبەرنامە ڕۆشنبیری و هونەریەکانی ڕادیۆکانی پایتەخت دەستم پێ کرد ، دواتر لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەرگیرام , ئیتر بازنەی بەهرەو هەستە ئیعلامی و ئەدەبیەکانم بەرەو فراوانی چوو ، بۆیە پەیمانگە بۆمن دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ خۆدزینەوە لە بواری شانۆ و شیعر و هونەر و ڕادیۆ و ڕۆژنامە .ئیتر لەوێوە دەستم پێ کرد تا ئێستا بەردەوامم.
- **بۆچی ئێستا وەك بینەر لە هۆڵی شانۆکان و بەرهەمە شانۆییەکان دەتبینین ! لە کاتێکدا بە ڕۆژت خاوەن دەرهێنانی چەندین بەرهەمی شانۆیی ؟**
- پرسیارێکی جوانە ، زۆرجارخۆشم لە خۆم دەپرسم بۆ لە شانۆ دابرام ؟ ڕاستە چەند بەرهەمێك هەیە من هەمیشە شانازی پێ دەکەم ، بەڵام ئەنگە هۆکار گەلێك هەبن ، لەوانە کاتێ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانم تەواو کرد ، بووم بەمامۆستا و لە پەروەردەی مۆرگەسۆر لە شوێنێکی دوور ، دوور لە هونەر و شانۆ چەند ساڵێك لەو دەڤەرە لە بواری پەروەردە خزمەتم کرد و دوور کەوتمەوە لەشار و شانۆ ،جگە لەمەش تێکەڵبوونم بە دونیای ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە ، گۆڤار ، رادیۆ ، تەلەفزیۆن) ئەمەش هۆکارێك بوو ، کە لەبواری دەرهێنان دوور بکەو مەوە ، بەڵام وەك خوێندنەوە و هەستەنگاندنی بەرهەمە شانۆییەکان بەردەوامم و چەند خوێندنەوەیەکم وەك ئەرشیف ماوەو لە داهاتوو وەك کتێبێك باوی دەکەوە ، کە کاتی خۆی نەخشەسازیشم بۆ کرد، گەورە ڕۆشنبیر "مەحمود زامدار" پێشەکیشی بۆ نوسیوە .

*لەو بوارانەی کارت کردوە ، هەمیشە کەسانێك هەن وەك پاپشت و ئەگە خۆشکەربن بۆ بەردەوامیت ، ئایا کێ بەپاپشتت دەزانی کە وای لێ کردی بۆیتە نێو ئەم جیهانە تایبەتیە؟

- **بۆگومان پاپشت و هاندان یەکێکە لەو خاڵە سەرکەوتوانەی کە وا لە ئەدیب و نوسەر و هونەرمەند دەکات ووزەی پێ ببەخشێت و بەردەوام بێت ، منیش لەبواری نوسین و ئەدەب و شیعر مامۆستای ڕەوانشاد (ڕستەم باجەلان) بە هاندەرم دەزانم ،**

چونکه له قۆناغی ناوەندی فێری ئەلف و بێ ی شیعر و ئەدەب و بوێری و ووتار نوسینی کردم.

***یەکێك لەو ئەزموونە جوانانەی بەرێزتان لەبواری رۆژنامەگەری بریتیە لە بڕاوکردنەوەی (گۆڤاری نواڵەی نوێ) کە وەك سەرنووسەر سااڵنکی زۆر کارت کردوە ، ئەگەر باسی ئەو ئەزموونە بکەی ؟**

- ساڵی ٢٠٠٣ دوای ئازادی عیراق لە هەموو کایەکانی ژیان ڕۆشنایییەکی نوێ پەیدابوو ، بواری ڕۆژنامەگەریش توانی خۆی لەو ڕۆشنایی بدۆزێتەوە ، بۆیە دوای ساڵانێك لە بواری ڕۆژنامەگەری لەگەڵ کاك "هێشیار نوری لەك" بریارماندا گۆڤارێك دەربکەین ، تایبەت بەڕۆشنبیریی گشتی و بابەتی گشتی ، ئەوەبوو توانیمان لە ١٣- ٨- ٢٠٠٣ یەکەم ژمارەی گۆڤاری نواڵەی نوێ کە بەندە وەك سەرنووسەر و کاك هێشیار وەك خاوەن ئیمتیاز لەسەر ئەرك و گیرفانی خۆمان ، ئەم گۆڤارە بهێنینە بوون ، ئەوەبوولە ماوەی(١١) ساڵ (١٣٤) ژمارەی دەرچوو ، کە نوسەرێکی زۆر خۆیان لەباخچەی نواڵە دۆزیەوەو بۆ مێژووش دەیانێین ، چەند نوسەر و پەیامنێرێکی سەرەتایی ، کە لەنواڵەوە یەکەم بەرهەمی خۆیان و بەردەوامی خۆیان دۆزیەوە ، ئێستا وەك کەسی یەکەم خاوەن قەڵەمی دیارن و لە دەزگااگەیاندنە حکومی و حزبییەکان کار دەکەن ، بگومان ئەمەش شانازیە بۆ ئێمەو ئێمەش شانازی بەو قەڵەمانە دەکەین ، بۆیە گۆڤاری نواڵەی نوێ خاوەن زۆرترین قەڵەمی جیا جیا و دەنگ و ڕەنگی جیا بوو ، بەڵام لە باخچە جوانەکەی نواڵە خۆیان دۆزیبۆوە ، بەداخەوە دوای قەیران و سستی خۆنەری ڕۆژنامەو گۆڤار ، زاڵبوونی تارە کۆمەاڵیەتیەکان بەسەر هەست و نەستی خۆنەر ، ئیدی بریارماندا ئەم گۆڤارە بوەستێنین ، بەشۆوەیەکی کاتی.

***ئێستا ئاستی ڕۆژنامە گەری کوردی چۆن دەبینی ؟**

- بگومان ئەم قۆناغ و سەردەمە جیایە لەگەڵ قۆناغەکانی پێشتر ، شەپێی خۆرای تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و فەیسبوك . کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو ، لەسەر حەز و ئارەزووی خۆنەر ، لە بواری ڕۆژنامەوە بۆ بواری شاشەی مۆبایل ، بەداخەوە ئەو ئاستە لەرووی خۆنەرە بەخراپی دەبینم ، بەڵام لەرووی بابەتەوە سەنگ و قورسی بواری ڕۆژنامەگەری هەر بەو ئاستە ئەکادیمیە دەبینم ، بەڵام وەك ئاماژەم پێ کرد خۆنەرمان روو لەکەمی و کاڵبوونەوە یە .
- **با ئەو جاریان بۆینە سەر ئەزموونی شیعریت ، تا ئێستا چەند**


ناميلكەو كتێب و دیوانی شیعریت هەیە , بڵگومان لەم ماوەیەدا نوێترین کتێبی شیعریت بڵاوکردەوە ؟

- وەك ئاماژەم پێ کرد ، دوای ڕاپەرین بواری ڕاگەیاندن بۆ من گرنگی و بایەخی خۆی هەیە ، هەر بۆیەش لەوکاتەوە بەفاوان تێکەڵ بەدونیای خوێندنەوەو ئەدەبیات بووم ، دواتر بەرهەمی شیعریم لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاودەکردەوە ، ئیتر هەستم کرد شیعر بۆتە بەشێك لە ژیانم ، شیعر وەك شۆرپەنجەیەکی سپی تێکەڵ بەڕۆح و بوونم بووە ، لە ساڵی ٢٠٠١ یەکەم کتێبی شیعریم بڵاوکردەوە بەناونیشانی خەونەکانی من و دایکم ، ئیتر بەردەوامی شیعر تیکەڵ بە خەیاڵ و بیرکردنەوەمان بوو ، تا ئێستا ٢٤ کتێبم بە چاپگەیاندوە , کە ١٢ یان بەرهەمی شیعرین ، دانەیەکیان دیوانە شیعرە ، بەناونیشانی عەشقی ئەبەدی ، دواین کتێبیشم بەناونیشانی چەفیە ێەشەکەی دایکمە کە لەم ماوەیەدا لە ێ ێوەسمکدا بڵاومکردەوە.
- **دایك بۆتە ڕەمزی ناسینەوەی شیعرەکانت ، کە باس لە شیعری ئاری دەکرێ ، خەیاڵمان بۆ دایك دەچێت ، ئایا لەبەرچی دایك؟**
- شیعر ێەنگدانەوەی ژیانی یاخی بوون و واقیعی شاعیرە ، لە شیعردا هەمیشە هەوێمداوە(من) منبم ، واتە واقیعیەتی خۆم بنووسمەوە ، هەرگیز فێ لەخۆم و لە ووشەو هەست و بیرکردنەوەم نەکەم ، بۆیە ئەوەی نوسیوومەو دەینوسم حیکایەتی ژیانی منداڵی و گەورەبوون و ئێستامە ، یەکێك لە بەشەگرنگەکەی خۆزان و ڕۆح دایکمە ، من هەوێم داوە ئەو خەم و گریانەی دایکم کە نەیدەتوانی بە نوسین دەریببڕێ ، ئەوا من وەك بەشێك لەڕۆحی ئەو ، لە ڕێگەی شیعرەوە ، لەروانینینی تەمەنی خەمگینی و خەم و چاوەڕوانی دایکم و دایکە جەرگ سوتاوەکانی نیشتیمان بکەمە تابۆ شیعر ، هەر بۆیە یەکەم کتێبە شیعرم ساڵی ٢٠٠١ بە ناونیشانی خەونەکانی من و دایکم بڵاو کردەوە ، دواتر قەسیدە شیعری سەفەرە تاەکەی من و دوعا شیرینەکانی دایکم , کتێبە شیعری جوانترین مردن ، لەم ماوەیەش دا کتێبە شیعری چەفیە ێەشەکەی دایکم بڵاو کردەوە ، ئەمانە هەمووی لە چوارچێوەی ئاوێتە بوون بەڕۆحی دایك ، گەورەیی و پیرۆزی دایك بەر لەمەرگ و دوای مەرگ ، هەمیشە تێکەڵ بەڕۆحم بووە.

***لەو زەمەنەدا زۆربەی لاوانمان بۆ دەربڕینی خەم و ناسۆرەیەکانیان پەنا بۆ شیعر دەبەن ، ئایا پێت وایە شیعر نوسین و خۆ بە شاعیربوون ئاوا ئاسانە ؟**

- بەداخەوە ، زۆربەی گەنجانمان کاتێ عەشقی کەسی بەرامبەر دەبێ ، کاتێ لە کەسی بەرامبەر دەتڕێ ، کاتێ گەمەی عەشق تێکەڵ بەژیانی گەنجان دەبێت ، ئەوا پەنا بۆ ئیزکردنی چەند ووشەیەك دەبەن و بۆ کەسی بەرامبەری دەنوسن پێ ی دەڵێن شیعر و خۆیان بەشاعیر پێناس دەکەن ! من پێم وایە ئەم حالەتە گەورەترین شەڕە بە شیعر دەفرۆشرێ ! لە کاتێکدا نوسینی شیعر و بنەماکانی شیعربوون لە چوارچێوەی ئەدەبی ، پێویستی بە خوێندنەوەی زۆر و ئایدیا فراوانی هەیە .
- ***ئەمجارەیان باس لە ئەزموونی کاری ئادیایی و تەلەفزیۆنیت بکەین ، بڕگومان ئەرشیفێکی باش لە هەگبەی بەرزتان دایە ، ئەگەر باسی ئەو قۆناغەش بکەی ؟**
- ساڵی ١٩٩٧ لە رادیۆی دیموکراسی ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی "ئاسۆی زانست" بووم ، دواتر ساڵی ١٩٩٨ وەك دەستەی دامەزرێنەی ئادیۆی ئاشتی دەستم بەکارکرد ، لە ماوەی ٧ ساڵ کارکردنم وەك (ئامادەکار ، پێشکەشکار) ٧ بەرنامەم هەبوو ،کەبەرنامەیەکیان رۆژانەبوو , ئەوانیتریش هەفتانە , ئێستاش وەك خاوەن کەناڵی ئەسەن لەگەڵ کاك هێشیار ، لە نەورۆزی(٢٠١٥) وە بەردەوامین جگە لەسەرپەرشتی بەرنامەکان ، بەرنامەی دیداری تایبەت و دەرونزانی و بەرنامەی هەوڵر ، ئامادەو پێشکەش دەکەم.
- **بەرزتان وەك کاری وەزیفی لەپەروەردەی گشتی ، لەبەشی ژینگەو تەندروستی ساڵانکە خزمەت دەکەن ، پێمان خۆشە ڕۆشناییەك بخەیە سەر ئەو لایەنە ، چونکە لەوەتەی بەرزتان لەو بەشە دەست بەکاربوینە هەست دەکەین ژینگەی قوتابخانەکان جموجۆڵکی پێوە دیارە ؟**
- بڕگومان ئەم بەشە لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە ، بەندە لە ساڵی ٢٠١٥ وەك بەرپرسی بەشی ژینگەو تەندروستی دەست بەکاربویمە , هەوڵمدا بە بەرنامەیەکی گشتگیر ، کار لەسەر (هێشیاری ژینگەیی , پەیامی ژینگەیی و بەدواداچونی ژینگەیی و تەندروستی) لە ناوەندەکانی خوێندن بکەین ، لە قۆناغی باخچەی منداڵان تا قۆناغی ئامادەیی ، سوپاس بۆ خوا لەگەڵ هاوکارانمان تائێستا کۆمەڵە چالاکیەك و سەردانی مەیدانی و سیمیناری ژینگەیی و چاودێری و بەدواداچونی ژینگەییمان بۆ ناوەندەکانی خوێندن ئەنجامداوە ، هەروەها دوو کتێبی ژینگەییشم بەچاپگەیاندوە ، من پێم وایە لەتەك پەروەردەو فێرکردن ژینگەو پاك و خاوێنی و ژینگەدۆستی بابەتکی گرنگە لەروانگە ڕۆشنبیریەکەیەوە تا بتوانین پەیامەکە بگەیەنین ،

چونکه ژینگه بۆ هەموومان یەکسانە ، پیس بوونی ژینگەو خراپبوونی ژینگە کاریگەری لەسەر گەورەو بچوك ، مامۆستا و قوتایی و هەژار و دەوڵەمەند وەك یەکەو بۆ هەموومان یەکسانە , کەواتە ئەرك و خەمی پەروەردەکاران و ژینگە دۆستان ئەم لایەنە هۆشیاریە بۆ نەوەکانمان شی بکەنەوە .



کەمتر لە هیچ … عەبدولموتەلیب

عەبدوڵا

هەنگاوێك دەچمە دواوە بۆ ئەوەی بیر بکەمەوە
هەنگاوێك لە ژیان کورت دەکەمەوە
هەنگاوێك هەتا دوایی
لە ڕەشبردنەوەی خۆر
دەچمە دواوە
کەمتر لە هیچ
لە ژیان کورت دەکەمەوە
ژیان مۆژووی نییە
چەشنی درۆ
دوایی دێم
لە ژێر ڕۆشنایی خۆر
درۆ دەنوسینەوە
هەنگاوێك دەچمە پێشەوە بۆ شـــش
هەنگاوێك دوور لە دۆزەخ دەـــم
ژیان کەمتر لە هیچ
لە نێو کتێبان دەکەوێ
وای دابنێن هەنگاوێك دەچمە پێشەوە
هەتا دوایی
بوونی با زگماکییە من بەو بیرەوە ناژیم
بە یادی شـــش
وای دابنێن خۆر لە نێو کتێبان دەکەوێ
هەنگاوێك دەچمە دواوە بۆ ئەوەی نەژێم
دوور لە ڕۆشنایی دەـــم
ژیان مۆژووی نییە.

هەولێر 12/4/2019

بەتاببەکردنی خوێندەواری و بیرکردنەوە ... ڕێوا هەژار

ئەگەر دوو کاندیدی ڕکابەر بە سەرکایەتیی هەرێم هاتنە پێشەوە، سیستەمی پەرلەمانی کوردی پێمان دەڵێت پێویست ناکات مرۆڤی کورد ئاستی خوێندەواری هەر یەک لە کاندیدەکان بکاتە پێوەری هەڵسەنگاندن لە نێوانیاندا. ئارگومێنت و بۆگەکان بە سەلماندنی ئەم قسەیە کامانن؟ وەڵام؛ دەنگی هەشتاونە پەرلەمانتاری عاشقە مەرحەبا.
زۆرینەی قوتابخانە ئاکارییەکان پێناسەی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ئاکاری دەکەن بە دوو کەرتەوە.

یەکەمینیان خەیی-بوون و زکماکییەتە، دووەمیان ئاکامگەرانی دەورووبەرە لە داشتنی کەسێتیدا، کە پەروەردە لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانیەتی. وەڵای ئەوەی کە گفتوگۆی چڕوپڕ هەیە لە بارەی ئەوەی پلەی کامیان پێش ئەوی تریان دەکەوێت بەڵام تا ئێستا هیچ بیرکەرەوەیەک نەیتووە دەتوانین بە کەدەنگی هەشتاونە پەرلەمانتار نیوەی پێناسەکە بسەلێنەوە.
مەیدانی سیاسیی کوردی دنیایەک نییە ئەخلاقیاتی شارستانیەتی گێشە پێ بدات، بۆیە لەناویدا شتێک بوونی نییە بە ناوی بەهای کەسێتی. تەنها دەتوانیت لە کەسێتیی خەتدا بیرکردنەوەکانت تا مەودا دوورەکانی ژیری بکشێنیت بەڵام لە دواییدا مەسعود بارزانی بە هەیمەنەی هەزەکی بە ڕوئیاوە دەتوانێت کەمەگەیەکت بە قورمیش بکات کە تەوکو مرۆڤکی بەنرخ ببینێت. ئەمەیە دەردە کوشندەکەی بەبەهایی و بیرنەکردنەوە، دەتوانێت فریودەرانە بە ناوی تەوە بەیار بدات و پێناسەکانت دوور لە ماهیەتی شتەکان بە دابڕێتەوە.

هەموو سیستەمێک، ئیدی ئەو سیستەمە ماددی بێت یان نامادیی لە پێناو مانەوەی خەیدا هەز لە کەمەکەدەک وەردەگرێت کە سیستەمەکە لە گەڕانکاری دەپارێزن. لە ئەخلاقیاتی کەمەگە سەرتاییەکاندا ئەم هەزە لە بە تابەکردنی گەڕانکارییەکاندا خەی دەبینتەوە. تابەکان دەبن بە هەڵی سوور، دەست لە هەڵە سوورەکان بدە لەناو دەبرێیت.

سیاسەتی بەتابەکردن پێمان دەڵێت نەخوێندەواری هەڵی سوورە، خوێندەواری دەیەوێت ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت، کەواتە خوێندەواری

دەبێت تابۆ بکرێت، دوور بخرێتەوە، یەکەم هەنگاویش بە پراوێزخستنی بێت.
گەورەترین مەترسی بۆ سەر هەموو عەقڵیەکی داخراو کرانەوەیە بۆ ناوی مەدلۆل پێچەوانەکانیدا. سیاسەتی خێڵەکیی کوردی بگومان مەدلۆلێکی داخراوە و تا ئێستا هیچ تێز و ئارگیومێنتێکی بیرکەرەوانەی بەرهەم نەهێناوە. بەیە دەبێت هەموو پارتییەک وەکو یەک قسە بکات، هەموو یەکێتییەکیش بە هەمان شێوە، ئەم قسەکردنە یەک ڕیتمییە پێویستی بە بیرکردنەوە نییە، تەنیا بە دەرخکردن ئیشکە دەوات.

بەیە دەبینیت هەموو پارتە کوردییەکان کاتێک قسە دەکەن دەڵێیت بە ئەندامێکی خێیان قسە دەکەن، بە زمانێک دەدوێن کە هیچ زانیارییەکی نوێ ناگەیەنێت جگە لە دووبارەکردنەوە و ناگەیاندنەوەی هەڵە سوورەکانی پارتەکە زیاتر.

هەموو ئەمە لە پێناو بەرهەمهێنانی کەدەنگیی جەماوەریدا دەکرێت، ئیدی کە ئەو کەدەنگییەی دروست کرد دەبێتە پارتی براوە، لە ئەزموونی حکومداریی کوردییشدا ئەم مەدلۆلە ڕەژانە دەستکەوتی هەبووە. هەموو ئەندامانی پارتە کوردییەکان جەرگەها دەمەقاڵێی دەرخکراویان لە بەرامبەر ئەندامانی پارتەکانی تردا ئامادەیە، بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی دەنگێکی دەرەوەی ئەو کایەیە دەبنەوە لە یەکەم هەڵوەستیاندا هەست بە نامۆیی دەکەن و خێیان لە خاکێکی کەشفنەکراودا دەبینەوە کە خاکی بیرکردنەوەیە. کاتێک بیرنەکردنەوە دەبێتە پۆیستییەک بە بوونە ئەندام لە پارتێکی کوردیدا، بگومان پەروەردە دەبێت بە مەترسییەکی گەورە بە کەی مەدلۆلەکە و دەبێت تابۆ بکرێت. بەیە جگای سەرسوومان نییە کە خوێندەواری بە شەق تەی هەبدرێت و سەری بشکێندرێت، لە بەرمبەریشدا نەخوێندەواری بەرز بکرێتەوە و (پارت)ی هەبێت و کەدەنگی دروست بکات.

هەموو مرۆڤێکی بیرکەرەوە تامی مەترسییەکانی بیرکردنەوەی لە کامەگەی کوردیدا کردووە. بیرکردنەوە لەسەر شەقامکان مەترسیدارە کاتێک وێنەی ناشیرین و ناپۆیستی سەرکردەکان دەبینیت و دەتوانێت دایان بگریت و دروشمە یەکدەییەکانیان بسیتەوە. بیرکردنەوە لە فەرمانگەکاندا مەترسیدارە کاتێک هانت دەدات دژی گەندەڵی بوەستیتەوە. بیرکردنەوە بە سیاسییەکی بەڵایەن مەترسیدارە کاتێک دەیەوێت کەدەنگی دروست بکات. بە گشتی بیرکردنەوە لە هەموو جومگە و کەلەبەرەکانی کامەگای کوردیدا مەترسیدارە چونکە بە هەیەوە دەبیتە دەنگی کەمینە.

بیرکردنەوە لە کەمتەرخەمی کوردیدا چیدی لە دڵخۆشی کەمیندا نییە بەڵکو پلەیەک ژێرتر کەوتووە و ئێستا لەژێر مەترسیی لەناوچوونداین، ئەگەر ئەم قسەیە نوخبە خوێندەوارە بەڵایانکان نەگرتەوە، ئەوا بەگومان سەرلەبەری هەموو پارتە سیاسییەکان دەگرێتەوە.

شەهادەو دەستاتدارێتی … عەلی مەحمود محەمەد

جارێکیان سیاسییەکی گەنجی کورد بە هەڵچونکی سەرچانەی وردە بەرژوازیانەوە وتی" چاکسازی بە نەخوێندەوار ناکرێت", هەمان قسەی هاوچینە بەرژواکانیان لە سەروبەندی کەمپەینی پاریس و ئێکتەبەردا دوبارە کردەوە کە بە تەوسەوە دەیان وت" دەوڵەت بە کرێکار و پینە دەز بەڕێوە ناچێت" , لە ئەزموونکانی جیهان ئەوە ناسەلمێنن , بگرە لە زۆر حاڵەتدا پێچەوانەکەی تەواو راستە, هەرچەندە چاکسازی دەستەواژەیەکی لاستیکییە و هیچ ناوەرۆکێکی کەنکرتیی لە خۆ ناگرێت , چاکسازییەك بە ئاراستەی دادپەروەری کەمایەتی نەبێت هیچ مژدەیەکی بە گەل پێ نییە , باشترین چاکسازی ئەویە حکومەتکی دەستووری بەرژوازی بنیات بنرێت, کە تیایدا بە یاسا بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداران بپارێزرێت , وەك چۆن ترامپ باجی سەر دەوڵەمەندەکان کەمکردەوە, دەستی برایانی کوشی ئاوەڵا کرد بە تەك دانی ژینگە, بەیە دەبێت دروشمەکانی ئێمە لە پاڵ چاکسازی و حوکمی یاسا دادپەروەری بێت, ئێمە دادپەروەر خوازمان دەوێت نەك شهادە خواز, مژووی تازە پێمان دەڵێت دوو لە باشترین سەرکەکانی نیو سەدەی رابردووی جیهان, لێنا و باوکی هەژاران مەخیکا, خاوەند بەوانامەی تەکەشان بوون تەنها, کەچی باشترین دەستاتداریش دەرچوون, بەشکی زۆری گەلەکانیان " بەرازیل و ئەرجەنتین" لە هەژاری دەرکرد, کەچی دەیان نموونەی خاوەند شهادەی باڵای زانکۆ بەناو بانگەکانی جیهان لە بەردەستە گەلەکەیان بەرەو مەرگەسات بردوون .باشتر بوو رێخنەگران رێخنەکانیان بەو ئاقارەدا ببردایە کە نابێت هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە دەست بنەماڵەکان کەبێتەوە, هەنوکە 3 دەسەڵاتە راپەڕاندنەکان سیادییەکەی کوردستان" سەرکی

هەرێم, سەرۆکی وەزیران, سەرۆکی دەزگای ئاسایش" لە دەست ئامۆزاکاندان" سەرۆکی زانیاری و جێگیری سەرۆکی حکومەت"یش لە دەست ئامۆزاکانی دیدان وەک ئاگەری پەرلەمانیش, ئەوانی دیش بونەتە چەپۆک لەدەری گەمەی ئامۆزاکان.خۆ منداڵی بنەماڵەکان ئێستا هەموو دەرچووی هارفاردەکانن, خۆ بنەماڵەکان ئێستا هەموو لە ژێر جامانەو سەرینەکانیان وەک میرەکانی کەنداو شەهادەی گەورە گەورەی زانکۆ بەناو بانگەکان راخراوە, کەچی فاشلترین حوکمەانن و رۆژ بە رۆژ چونجەک تونــدتر لە کورسییەکان گیــر دەکەن.لە کــتــادا ئەمە حوکمەانییەکمان دەوێت نوێنرایەتی زەرینەی 99%ی کەمەگا بکات و دادپەروەری کەمەایەتی و ئابووری لە بەرژەوەندی نوێنەرەکانی کە 99%ی کەمەگان ئەنجام بدات, بەشوەی ژیرانە کاری شیاو بە خاوەند شهادەکان دابین بکات, لە گەڵ کەرامەتیاندا بگونجێت.

تکایە ئەو شانۆگەرییە راگرن ... ئەحمەد رەجەب

ئەمڕۆ 8/5/2019 پڕۆژە یاسای سەرکایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان بە زەرترین دەنگ پەسەند کراو ناوەکەشی گۆڕا بۆ (دامەزراوەی سەرکایەتی هەرێمی کوردستان) و هەروا مادەکانی یەك و دوو سێ و چوارو پێنج بە دەستکارییەوەو بە دەنگی 88 و 89 ی پەرلەمانتاران پەسەند کران و مادەکانی تر : شەش و حەوت و هەشت بەبێ دەستکاری و بە زەرینەی دەنگ پەسەند کران.
دیارە سێ حزبەکە : پارتی و یەکێتی و گۆران لە پاش گفتوگۆو هاتوچۆیەکی حەوت مانگ و، شاند هات و شاند چوو، کۆکن لە سەر پێکهێنانی حکــومەت و، ئــەوەی ســەیرەو وەك لــە دەنگــدانی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان دەرکەوت، ئەم سێ حزبە کۆپی پێنج حزبەکەی حکومەتی بنکە فراوانەکەی پێشوون کە لە نیوەی ڕێی و لە کۆتاییدا زانیان بارودۆخەکە بەرەو نشوستی و هەدەر ئەروات و قەیرانەکان تەشەنە ئەکەن و بی مووچەیی بەرکی هاووڵاتیانی گرتووە، یەك لە دووای یەك بە خشکەیی کشانەوەو، تەنها پارتی و یەکێتی مانەوە.
لە ژماردنی دەنگەکانی پەرلەمانتاران و، پەسەندکردنی پڕۆژەی

کاراکردنەوەی سەرکایەتی هەرێم و، هەروا پەسەندکردنی مادەکانی یەك تا هەشت بە 88 دەنگ کۆتایی هات و، ئەو 88 دەنگە هی پارتی و یەکێتی و گۆران و پێکهاتەکانی تر سەر بە پارتین.
پەرلەمانی کوردستان دەستپێشخەری رووەو دیموکراتییەت ئەکات و، هەنگاوی جوان ئەنێت و، ئەێت دەرگا واێایە بۆ خۆپاێاوتن بۆ سەرکی هەرێم و، شانگەرییەکە لێرەوە دەستپێئەکات و کتوپر تەواو ئەبێت چونکە لە پاش هەێبژاردنەکەی 30 ئەیلول / سیپتەمبەری 2018 پارتی دوور لە دیموکراتییەت نێچیرقان بارزانی بۆ ئەو سەرکایەتییە دەستنیشان کردووە و، ئەمرێ کەس ئەو پێستەی ناوێت و، سور ئەزانێت 88 دەنگ یان زیاتر لە گەێ نێچیرقانە.
پەرلەمان لە باتی داکێکیکردن لە خواست و ئارەزووی هاوێاتیان، هەنگاوی سێنگ دەرپەراندن و موزایدە ئەنوێنێت و، بەو جۆرە رەفتارانە خۆ ئەکەنە چاوی خەك و، بۆیە پێویستە ئەو شانگەرییە راگرن و، یاری بە عەقڵی هاوێاتیان نەکەن.
لە وێاتانی پێشکەوتوو فرت و فێ نییەو، هیچ پارتێك { گەورە یان بچوك} بێت، بێ نییە کاندید فەرز بکات و، بە پێی دەنگەکان کەسانی لێهاتوو شیاو لە ناو پەرلەمان بۆ پێستەکان هەێئەبژێرن و، وەك لای خۆمان شاند هات و شاند چوو نییەو، پارتەکان بە پێ دەستور هەسوکەوت ئەکەن و، لای خۆمان دەستور نییەو ، هەرەمەکی و بە تێبزی خەك (بە توانا بێت یان بۆ توانا) دائەنێن و، گرنك ئەوەیە سەر بە حزب بێت.
لە کوردستان دەستور نییە و، ئەو بۆ دەستورییە لە خزمەتی سەرکی هەرێم ئەبێت و، دیارە نیچیرقان بارزانی وەك مەسعود بارزانی خاوەنی دەسەاتکی زۆرەو، پەرلەمان بۆ نییە لێپرسینەوەی لە گەدا بکات و، ئەم هەموو دەسەاتانە ئەبنە هێ ئاژاوەو پەشۆی لە نێوان سەرکی هەرێم و سەرکی حکومەت و، شاراوە نییە دوو بەرەکی لە نێوان نیچیرقان و مەسرور هەیەو، بە سەر دوو باێدا دابەش بوون.
سەرکی هەرێم دوو جۆگری ئەبێت و، کەس نازانێت جۆگری چین؟ و. لەو حاەتەدا (بۆ نموونە) گەر سەرك بچێتە دەرەوەی هەرێم جۆگرەکان ئارەزوومەندانە کاروبار رائەپەرێنن.
ساانی پێشوو هەموو لایەك داوای ئەکرد سیستەمەکە پەرلەمانی بێت بەام سەرکی پێشوو ئەیزانی دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران لە گەی نابێت، بۆیە بەوە قایل نەبوو، ئێستا ئەزانێت دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران هی خۆیانە رازین ""سیستەمەکە پەرلەمانی"" بێت، بەی دەرکەوت 88 یان 89 دەنگ بۆ راسپاردەکانی پارتی مسگەرە !.
با چاوەروان بین و، بزانین چی رووئەدات!.

.8/5/2019

شارەك لە دوكە ... نەجم حەمە سەيد

سلەمانى شەيتانەكە
فريوت دەدا و
رسوات دەكا
دەبە هەر لە دوورەوە
بە ددانە زەردەكانى
پێبكەنى
بە بريقوباقى
چەرخوفەلەكى پێبكەنى
ئەگينا شەتت ئەكاو
سوەندیش ئەخوا
ئەە من نەبووم
خەتای خەت بوو
بە وەكو شەلاتيەكانم
دنيات بە فشقيات نەگرت
سلەمانى
سەزانييەكى ناپاكە
هەر شەوو لە ئامەزى
سوەتانەكا رەژ دەكاتەوە
بە رەژيش
درەختەكانى سەيوان
ئاو ئەدا
سوەند بەخوەنى
خاكنشينەكانى ناوى دەخواو
خەشى چاييان بە لەدەدا
ئاوهايە سلەمانى
كە بەناويشى تەپەيت

دەستت بۆ دەتەوێ بگرێ
نەکا لێ جێی خۆی
بترازێ
هاوڕێیەکی بێ وەفایەو
کەس ناناسێ
سلیمانی
هەتیوێکی
بێ خودان بوو
هەر زووش پیربوو

نمەی ئەشك شنەی گوڵە … ستار ئەحمەد

لە چرپەیەکا شەونمە عەشقێك
ئەشکە وشەی بارانە
نیگاکان تارمایی گەردو
سروەی بەیانی کاڵبوونەوەن
شتنەوە لەنازی چۆ
شڵبوونەوە بێ ناخی بەرواڕەکان
بەرەو بناری سەهەندی ژوانگە
رامان لە پەیوەستی سنووڕەکان
گەردیلەیەکی وەفا بووم لە هەناسەت هەڵزنام
لەگەڵ خەمەکانتانا مەزن دەبمو دەبمە بولبولێ
سینەی پەڕە , تەلبەندی شەوانەی غوربەتییە
لە دەروازەی سێزکەوە چون پرشنگێ
گلینەکات ماچ دەکەمو
ئاوێزانی عومرت دەبم
ساڵانێك لە توانەوەی شەکرە بەفرو
بەهارێك لە بارینی پەپوولەی شیعر
تەمەنێك لە بیماری باڵدارەکان
شەوانێك لە فڕینی هێلانەی بابردە
هاوسزای گەردانەی دڵکی دڵوانەن

حەز بە تروسکەی چیاکانا هەدەواسن
لە وشە سۆزاویەکان وەس دەبێ , نزا دەچنێ
بۆواکان لە خەناوکەی دەروونا دەسووتێن
یەکەم ژوانە توانەوە لە خونما دەتوێتەوە
روحم بارمتەی پەیوەستەکانەو
بەرەو جەستەی سووتێنراوم هەدەفێ
لەگڵا نەهەم دێ
شەونمێك ماچی زارم ناکا
تۆشووی جوانیم لە شانما لاسەنگە
نامەیەکی شیعراوی ژوانگەیەك بە باڵام نادوورێ
ترس خەریکە لەگەڵ وشە زاخاویەکاندا
دورگەی خەونەکانم دەگرێتەوە
هەڵاتن لە بەیانی
دواکەوتنی وەڵامە شەکراویەکان
لەبیر چوونەوەو لە ئامێز نەگرتنی گوڵە پەیڤی هۆنراوەکانم
بۆئاگایی لە پەپوولە باڵزاکاوەکانی نەمامی دەسزیم
بەهوودەیی لە رۆگە بە تەفرە چنراوەکانو
خۆزگە تاڵەکانی نۆو شیلەی دوارۆژە مردوەکان
لە نیگایەکی گۆشەی تۆوانینم ورد بەرەوە
بزانە خوناوی زاری پڕنووسەکەم
هەنسکی کچێنی چۆن کردوە بە کفنو
لە سایەی سێبەری عومری شادی دەچنێتەوە
دەترسم ئەو دڵەت شێتانە بەردباران کراوە
لە رووما دابخرێو بە ئاوارەیی سەر بنێمەوە

ستار ئەحمەد